دیمانە: کاروان کانەبی

## سەردار ئیسماعیل پاڵ

# بەرز راگرتنی ناوی کوردستان لە پاڵەوانێتییە نـــ

**سەردار ئیسماعیل ساڵی ١٩٧٦ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و دەرچووی هەردوو کۆلێژی ئاداب و یاسایە، یەکێکە لە پاڵەوانە جیهانییەکان لە یاریی لەشجوانی و کەم کەس هەیە ناوی ئەو کوڕە کوردە پاڵەوانەی نەبیستبێ، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە پاڵەوانێتییەکانی جیهانی بەدەستیهێناوە، کە نموونەی بەرچاوی پلەی یەکەمی یەکەمەکانی لە پاڵەوانێتیی جیهان لە ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠١٢بەدەستهێناوە، ئێستاش بۆ بەشداریکردن لە کێبڕکێی پاڵەوانی دیکە ئامادەکاری دەکات و بیر لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر بۆ خۆی و بۆ کوردستان دەکاتەوە. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**



*** ئاستی یاریی لەشجوانی بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئێستا لە لوتکەدایە، بەڵگەشم ئامادەبوونی کوردە لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان و ئەنجامە بەرچاوەکانی ئەم پاڵەوانانە.

*** وەکو پاڵەوانێك پێتوایە بۆ بەرەو پێش چوونی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

- بە بۆچوونی من هێنانی راهێنەری جیهانی و کردنەوەی پاڵەوانێتی و بەشداریکردنی راهێنەرانی کورد لە خولە جیهانییەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ و بەرزکردنەوەی ئاستی راهێنەران ئەوانە هۆکارن بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتیی ساڵانە بۆ یەك جار ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

- بە بۆچوونی من هەر چەندێك پاڵەوانێتی زیاتر بێت، ژمارەی پاڵەوانەکانمان زیاتر دەبێت، بەڵام بێگومان پێویستی بە توانای ماددی هەیە.

*** گرفتی یاریی لەشجوانی لە چیدا زیاتر رەنگ دەداتەوە؟**

- کەمیی پشتگیری کردنی یاریزانان لەلایەن یانەکان هۆکاری سەرەکییە.

***کردنەوەی ئەم هۆڵانە تا چەند بە مەبەستی خزمەتە و تا چەند دەچێتە خانەی بازرگانی؟**

- بەداخەوە زۆربەی هۆڵەکان بەمەبەستی بازرگانییە تەنیا ٢تا٣ هۆڵ نەبێت کە جێ دەستیان دیارە لە یاریی لەشجوانی.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە لە ناو چینی گەنجان زیاتر پەرەی سەندبێت؟**

- مایەی خۆشحاڵییە کە چینی گەنجان روویان لەم وەرزشە کردووە، ئەمەش گەواهیدەری فروان بوونی پێگەی جەماوەری ئەم یارییە دەردەخات.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە ؟**

- پەنابەخوا دوای وەرگرتنی پشوویەك بەردەوام دەبم لە بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان.

*** بڕیاری وازهێنانی یەکجاریت لەم یارییە نەداوە؟**


- دوای بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەی کە لە خەیاڵمە، ئینجا بیر لە وازهێنان دەکەمەوە.

*** تاچەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانانی لەشجوانی، ئایا ئێوە وەکو یاریزانان بەکاری دەهێنن؟**

- دەمەوێت شتێك بۆخوێنەران روون بکەمەوە کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ماددە وزەبەخشەکان و تەواوکەرە خۆراکییەکان هەیە، بێگومان یاریزانە نێودەوڵەتییەکان پێش بەشداریکردن پکشنینیان بۆ دەکرێت، ئەگەر ماددە وزەبەخشەکانیان بەکارهێنا بێت، سزا دەدرێن، بەڵام ماددە تەواوکەرە خۆراکییەکان وەکو پرۆتین و ترشە ئەمینییەکان و کریاتین و مادە رێپێدراوەکانی دیکە زۆر ئاساییە، بۆیە من وەك پاڵەوانێك نە ماددە وزەبەخشەکان بەکار دەهێنم، نە لەگەڵ بەکارهێنانم.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان و پاڵەوانێك تا ئێستا چی بوون؟**

- من شانازی بەوە دەکەم یەکەم پاڵەوانی کورد کە بووم بە نێودەوڵەتی لە ساڵی٢٠٠٠خاوەنی زۆرترین بەشداریکردنی نێودەوڵەتیم کە ١٨ بەشداریکردنە.



١- پلەی چوارەم لە پاڵەوانێتیی عەرەب لە سوریا لەساڵی ٢٠٠٠.
٢-پلەی سێ یەم لە پاڵەوانێتیی عەرەب لە وڵاتی میسر ساڵی ٢٠٠١.
٣-پلەی هەشتەم لە پاڵەوانیی عەرەب لە بەغدا ساڵی ٢٠٠٢.
٤-پلەی هەشتەم لە پاڵەوانێتیی جیهان لە قاهیرە.
٥-پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی عەرەب ساڵی ٢٠٠٤ لە عەممان.
٦- پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتی ئاسیا لە بەحرێن ساڵی ٢٠٠٤.
٧- بەشداربوون لە لە پاڵەوانێتیی جامی زێڕینی قەتەر ساڵی ٢٠٠٤.
٨-بەشداربوون لە خولی ئاسیا لە دەوحە لە ساڵی ٢٠٠٦.
٩- پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتیی عەرەب ساڵی ٢٠٠٧ لە یەمەن.
١٠- پلەی هەشتەم لە پاڵەوانێتی جیهان لە بەحرێن.
١١-پلەی دووەم لە پاڵەوانێتیی ئاسیا لە تایلەند ساڵێ ٢٠٠٩.
١٢- پلەی چوارەم لە پاڵەوانێتیی جیهان لە ئازەربایجان ساڵی ٢٠١١.
١٣- پلەی حەوتەم لە پاڵەوانێتیی جیهان لە وڵاتی هیند ساڵی ٢٠١١.
١٤- پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتیی جیهان لە ئیتالیا ساڵی ٢٠١٢.
١٥-پلەی یەکەمی یەکەمەکان لە پاڵەوانێتیی جیهان لە ئیتالیا ساڵی ٢٠١٢.
١٦- پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتیی مستەر یونیفیرسی پیشەگەران ساڵی ٢٠١٣ لە ئەڵمانیا.
١٧-پلەی یەکەمی یەکەمەکانی پاڵەوانێتیی مستەر یونیفیرس ساڵی ٢٠١٣.
١٨- پلەی پێنجەم لە پاڵەوانێتیی ئارنۆڵدکلاسیك لە کێشی ٩٠کگم ساڵی ٢٠١٤ لە مەدرید.

*** لە جیهان بەچ یاریزانێکی لەشجوانی زۆر سەرسامیت؟**

- لە کۆنەکان کان ئارنۆڵد شوارزنگر، لە نوێیەکانیش فیل هیت.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم و هیوادارم بایەخێکی زیاتر بە یاریی لەشجوانی و پاڵەوانەکانی بدرێت و بەرزڕاگرتنی ئاستی یارییەکە و بەرزڕاگرتنی ناوی کوردستان لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانیش ئەرکی گەورەی سەرشانمانە.

## ـــــــەوانی لەشجوانی جیهانی:

# ـــــێودەوڵەتییەکان ئەرکی گەورەمانە








# پاڵێوراوانی باشترین یاریزانی ئاسیا ئاشکرابوون

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا سێ یاریزانی عەرەبی دەست نیشانکردوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئاسیا بۆ ساڵی ٢٠١٤ کە بریتین لە هەریەك لە ناسر شەمرانی یاریزانی هەڵبژاردەی سعودیە و یانەی هیلال و ئیسماعیل ئەحمەد یاریزانی هەڵبژاردەی ئیمارات و یانەی عەین و خەلفان ئیبراهیم یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر و یانەی سەد .....ئەمەو وابڕیارە خەڵاتی باشترین یاریزانی ئاسیا لە شاری مانیلای پایتەختی فلیپین لەچوارچێوەی ئاهەنگی یادکردنەوەی شەست ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێی ئاسا لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو ئەنجام بدرێت....لەمبارەیەوە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاویکردۆتەوە هۆکاری پاڵاوتنی شەمرانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستێکی بەرزی لە خولی سعودیە پێشکەش کردوە لەو پێنج وەرزی یاریکردووە، هەروەها رۆڵی لە گەیشتنی تیپەکەی بۆ یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بۆ وەرزی ئەمساڵ .....دەربارەی پاڵاوتنی ئیسماعیل ئەحمەدیش بەهۆی ئەو رۆڵەی بینیویەتی لەگەڵ یانەی عەین بۆ گەیشتن بۆ یاری پێش کۆتایی خولی یانەکانی ئاسیا .

# مارکۆ ریۆس یانەی ئەرسنال رەتدەکاتەوە

مارکۆ ریۆسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بروسیا دۆرتمۆند گرنگی بە بۆندی یانەی ئەرسناڵ نادات.... لەمبارەیەوە رۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردۆتەوە کە یاریزانی ئەڵمانی و یانەی برۆسیا دۆرتمۆند گرنگی بەو بۆندەی یانەی ئەرسناڵ نادات کە پێشکەشیکردوە بەمەبەستی گواستنەوەی لەوەرزی گواستنەوەی زستانە....هەروەها رۆژنامەکە روونیکردۆتەوە کە یاریزانی ناوبراو ئەو بۆندەی رەتکردۆتەوە، چونکە نایەوێت پەیوەندی بەو تیپە بکات کە لەتواناى نەبێت پاڵەوانیەتیەکان بەدەست بهێنێت....شایەنی وتنە مارکۆ ریۆس جێی گرنگی یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە و هەردوو مانچستەر یونایتدو مانچستەر ستیە بۆگواستنەوەی لەوەرزی زستانەدا.



## سەرۆکی پێشووی یانەی شاهانە:

# کریستیانۆ نزیکبوو لەیانەی بەرشلۆنە

سەرۆکی پێشووی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رامۆن کالدیرۆن ئاشکرایکرد ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەکاتی گواستنەوەی لەیانەی مانچشستەر یونایتد خەریکبوو بڕواتە یانەی بەرشلۆنە لەجیاتی یانەی ریال مەدرید...هەروەها کالدیرۆن بۆ پێگەی فتبۆلی ئیسپانی روونیکردەوە لەسەرەتا کریستیانۆ رەتیکردەوە روو لەیانەی ریال بکات، بەڵکو مانەوەی لە شەیتانە سوورەکان پێ باشتربوو، بۆیە یانەی بەرشلۆنە بۆندێکی باشتری پێشکەش بەیاریزانی ناوبراو کرد، بەڵام نەگەیشتنە رێکەوتن، دواتر هاتە یانەی ریال مەدرید ...هەروەها کالدیرۆن خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەو یاریزانە دەربڕی کە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر گۆڵ بۆ یانەی ریال مەدرید تۆمار بکات.






# ڤان گال سەرسامە بەئاستی ڤکتۆر ڤالدێز

ڕۆژنامەی دەیلی ستار لە زاری خوان ماتای ئیسپانی هۆکار و ناوەرۆکی گواستنەوەی گوڵپارێزی یانەی بەرشلۆنە ڤیکتۆر ڤالدیز بۆ یانەی شەیتانە سوورەکان بڵاوکردۆتەوە. بەپێی قسەی ڕۆژنامەکە دوای ئەوەی ڤالدێز لە سەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر ئاماژەی کردووە بە واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، ئەوا ماتا ئاشکرایکردووە لویس ڤان گال ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد سەرسام بووە بە ئاستی ڤالدێز لەو کاتەی ڕێگەی داوە بەشداری چەند یەکەیەکی مەشق بکات لەگەڵ ئەو تیپە. هەروەها ماتا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لەو کاتەی تیپی شەیتانە سوورەکان ڕێگەی بە گۆڵپارێزی دووەمی تیپەکەی ئەندریاس لیندگارد داوە بڕوات لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو ئەوا ڤالدێز تاکە بژاردە بووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم تیپە یاری بکات.





## یاری نەجەف و سلێمانی بۆ ٢٠ی مانگ دواخرا

لەلێدوانێکی تایبەتدا هەردە رەئوف بارام جێگری سەرۆکی یانەی سلێمانی گوتی: یەکێتی تۆپی پێی عێراق لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر یاری نێوان سلێمانی و نەوت پێکهێناوەو تاوەکو ٢٠ی مانگیش بڕیاری کۆتایی لەســەر ئەو سزایانە دەدەن کەبەسەر یانەی دایکیاندا سەپاندوە.

جێگری ســەرۆکی یانەی ســلێمانی وتیشــی هەرچەند یەکێتی تۆپی پێی عێراق رەتیکردەوە ئەو یاریە دوابخات کە بڕیارە بۆ رۆژی هەینی لەنێوان نەجەف و ســلێمانی بەڕێوە بچێت، بــەڵام ئەمرۆ پێیان راگەیاندیــن بەداواکەی یانەی ســلێمانی رازی بوون و ئەو یاریەیــان بۆ رۆژی ٢٠ی ئەم مانگە دواخستوە.

هەردە رەوف بارام ئاشکراشــیکرد گەر بێتو تارۆژی ٢٠ی مانگ یەکێتــی تۆپی پێی عێراق دواین وەڵامـمان نەداتەوە ئەوا بەشێوەیەکی رەسمی و یەکجاری لەخولی نایابی عێراق پاشەکشێ دەکەین. داوای یانەی سلێمانی لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەچەنــد خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە گرنگترینیان گەڕانەوەی ئەو ٣ خاڵەیە کەلەیانەی ســلێمانی داشکێنراو درایە یانەی نەوت.

## یایا تۆرێ :
## سەرجەم یاریزانان بەشێوازی راهێنەر پیلیگرینی خۆشحاڵن



یایا تۆرێ یاریزانی هێڵی ناوەڕاســتی یانەی مانچستەر ستی دووپاتیکردەوە سەرجەم یاریزانانی تیپەکەی خۆشحاڵن بەشــێوازی راهێنانەکانــی بەڕێوەبەری هونەری تیپەکەی مانویل پیلگرینی کە لەوەتــەی وەرزی رابردووەوە ئەرکی راهێنەرایەتی ئەو تیپەی وەرگرتووە.....هەروەها یایا تۆرێ بۆ رۆژنامەی دەیلی مەیل روونیکردۆتەوە ئەو شێوازە هێرشبەریەی دەیەوێت لەتیپەکە بونیات بنرێت بووە هۆی ئەوەی تیپەکەمان رووبەڕووی چەند شکستێك ببێتەوە، بەڵام لەسەرمان پێویستە ئاستی هێرشبەریمان برەو پێبدەین و پێشبکەوین.....لەبەشێکی تری قسەکانیدا تۆرێ وەرزی رابردووی تیپەکەی بە گرنگ و خۆشەوە ناوبرد لەژێر ئەرکی بەرپرسیاریەتی ئەو راهێنەرە و لەمباریەوە وتی : بەشــێوەیەکی زۆر باش یاریمان کردو ئەوەی مەبەستمان بوو توانیمان بۆ دووەم جار لەماوەی سێ ساڵ نازناوی خولی ئینگلیزی بەدەســت بهێنین...ســەبارەت بە هاتنە خوارەوەی ئاستیشی یایا تۆرێ هۆکارەکەی بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتی جامی جیهانی بەرازیل گەڕاندەوە کە یاریزانەکان پشووی تەواویان نەدابوو سەرلەنوێ چوونەوە نێو ماوەی ئامادەکاری یانەکەیان....سەبارەت بە دەست نیشانکردنی باشترین یاریزان لەنێوان لیۆنیل میسی و هاوڕێی ئێستای سێرگیۆ ئەگوێــرۆ، تۆرێ رەتیکردەوە جیاوازی لەنێوانیان بکات تەنیا وتی ئەگوێرو یاریزانێکی ئاست بەرزو نمونەییە.